داخستنی ١٠ سەنتەری مەساج لە هەولێر



وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند " لە هەولێر ١٠ سەنتەری مەساج داخران و چالاکی یاسایان بەرامبەر دەگیرێتەبەر".

ئەمڕۆ پێنج شەممە، بەشی چاودێری تەندوستی وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند " بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی هەولێر، هەروەها بە هەماهەنگی قایمقامیەتی قەزای عەینکاوە، پشکنیان بە چەندین سەنتەری مەساج و شوێنی تاتە ئەنجامدا".

لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، بەهیچ پابەند نەبوون بە دەستنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی و جێبەجێنەکردنی دەستنمایەکان بیاری داخستن بە ١٠ سەنتەری مەساج و ٢ شوێنی ئەنجامدانی تاتی لێش درچوو.

هاوکات سەرپێچیکارانیش چالاکی یاسایان بەرامبەر دەگیرێتەبەر.